
سەروتار



سەرنووسیار

# گەورە و داهێنەر

پەیبردن بە نهێنییەکانی جوانی و پێکهاتەی جوانی یەکێکە لە گرینگترین ئەو کارانە کە لە بوونی مرۆڤەوە وێڵییەک هەیە لە دووی. بەڵام کام جوانی و کام گرتە و ساتەوەختانەی لە راچەنینێکەوە لە نیگا و بینین و سرتە و خوێندنەوەیەکەوە مرۆڤ پەی پێ دەباو دەیدۆزێتەوە و بەرجەستەی دەکات، بەڵام تەنیا بە دۆزینەوە کارەکە تەواو نابێ و نابێتە ئەو نەقشەیەی کە مرۆڤەکان دوای خۆیان سەرسام دەکا و بە پیرۆزی دەیانهێڵێتەوە.



لە وڵاتی مە پێشوەخت جێگەی گەورە و ناوی گەورە دادەنا.. دوای هەینێ تەیرەکە دەخاتە قەفەسە ئاسنینەکەیەوە: ئاخر گوتمان باڵندە لە ئاسماندا رام ناکرێ و مرۆڤ حەقی نییە سەودای پێوە بکا. بە رەنگی نییە ئەو باڵندەیەی چریکەی خۆشخوانی هەمووان مەست دەکا. بەو عیشقەیەتی بەو سۆز و دەنگەیەتی کە سیحرمان لێ دەکا و دەمانخاتە جیهانێکی جاویدانییەوە. جیهانێک مرۆڤ لە

ناویدا ئارامە و دەتوانێت باش بیر لە جوانییەکان بکاتەوە.

سەیرە لەو ئاقارەی دەبینرێ هەندێ جار سەفاحێک دەکرێ بە خۆشنوودی ئاوازی رێگەی سەربەخۆیی و بە گاڵتەوە مرۆڤێکی جوان بە تاریکی و بێدەنگی دەخنکێنرێ. لە تاریکیدا دەیشارینەوە تا دێ دەبێ بە بار بەسەر خۆشییەوە، بەڵام شاعیر وتەنی با مودەعی خۆی هەڵنەکێشێ دەی بەسەر مندا. بە سەد چمەن گوڵی نادەم لقێکی دڕکوداڵێکم لە ناو پانتایی داهێناندا رەنگە مرۆڤە تەریک و گۆشەگیرەکان پەی بە جوانی وەها بەرن کە کاری کردە نەبێ و هەندێ وەختی تریش دەستەیەک پێکەوە لوولەکی داهێنان لە بوارێکدا بەرز دەکەنەوە، هەندێ جار مرۆڤی خاوەن خزمەتی زۆر مرۆڤی گەورە و منەوەر گوناهبار دەکەن بەوەی کە داهێنەرە. لە جێی ویش یان بە هەمان غەدر داهێنەرەکە پێشی دەگیرێ و دەکەوێتە نسرمەوە، مەگەر پاش خۆی هەینێ هەندێ رووناکی بەرکەوێ، ئەگەر تاک و تەرا لە وڵاتان ئەمە روو بدات ئەوە لە وڵاتی ئێمەدا کە زیاتر رووکەش و شێوە بینانە لە حاڵەتەکە دەڕوانین هەر زۆر زیاتر و غەدرەکە زۆر زۆرتر و سەختترە.

رووناکبیر هەیە خزمەتێکی دانسقە و زۆروزەوەندی پێشکێش کردووە و بۆشاییەکی فراوانی لە رووبەرێکدا یان چەند بوارێکدا پڕ کردووەتەوە و کۆ کردووەتەوە و ئەرشیفی ساغ کردووەتەوە و هەڵکۆڵینی کردووە. بە بەردەوامیش کاری پیرۆزی کردووە ئەمە منەوەر و رۆشنبیرێکی ناوەند و گەورەیە. بەڵام داهێنەر نییە، هەشە بەیەک کتێب، یان چەند دەقێک داهێنەرە لە بوارێکی تایبەتیدا.

**هەر نووسەرێک لە جامی سەرڕێژی خەم و کارەساتێکەوە دەنووسێ دەیەوێ ئەوپەڕی گوزارشت و خوێندنەوە و گەیاندنی بۆ بکا**

هونەر کارە هەرکەسێک ئازارێکی پێ بگا هاوار دەکا و ژان دەیهەژێنێ.. هەر بوونەوەرێک جگەرگۆشەکەی لە بەردەمیدا لە دەس چێ بۆی دەگری و خەمبار دەبێ و بە چەندەها شێوە گوزارشتی لێ دەکا، هەر نووسەرێک لە جامی سەرڕێژی خەم و کارەساتێکەوە دەنووسێ دەیەوێ ئەوپەڕی گوزارشت و خوێندنەوە و گەیاندنی بۆ بکا جا کارەساتەکە یاخۆ خۆشییەکە چەند گەورە بێ گرینگ نییە. گرینگە چەند هونەرییانە گوزارشتی لێ دەکا. بەهای هونەریەتی دەقەکە. داهێنەریەتی نووسەرەکە بەدیار دەخا. لە نووسیندا گێڕانەوەی رووداو گرینگ نییە، بەڵکو بەهونەریکردنی رووداوەکە گرینگە.